
# سێ پارچە شیعری وۆڵتەر دی لامێر

## ١٨٧٣ – ١٩٥٦



لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف

- شاعیرێکە دنیایەکی تایبەت بە خۆی هەیە.
- شیعرەکانی هەرچەندە بە زمانێکی ساکار نووسراون، بەڵام سەرنجی شاعیرانی گەورەی وەکو "ئۆدن" و هی تریان بۆ لای خۆی راکێشاوە.
- هەمیشە هەستی سەرسڕمان و دنیایەکی پڕ راز لە شیعرەکانی ئەودا دەبینرێت.
- بابەتەکانی شیعری ئەو لەسەر سروشتی کات، ناسنامە، خەون و مەرگ دەوەستن.
- هەمیشە جۆرێک لە نادڵنیایی و نادیاری لە شیعرەکانی ئەودا بەرچاو دەکەوێت.

## نامۆ

لەوێ کەس لەگەڵم نەبوو
تەنیا و دڵخۆش بووم،
کەچی لەپڕ خۆشی ڕۆژەکە هەتاوەکە
کۆچی کرد و بارگەی تێکنا.

***

لە ناو خانووێکی چۆڵوهۆڵ
سەدای چریکەی باڵندەیەکی خەمبار دەبیستم،
بەباڵە نائارامەکانی
لەم ژوور بۆ ئەو ژوور باڵەفڕکێیەتی .

***

تەنانەت لە سێبەری خۆیشی رادەکات،
ئەو تەنیاییە تاریک و جێماوە
تەسک و تریسکەی
لای نامۆیە جێ دەهێڵێت.

***

جا کە من بەدڵێکی گۆڕاوەوە
بەتێپەڕینی ئەو ڕۆژە دڵخۆش بووم،
بوونێک خێماکی نامۆ کردم و
ئەویش خەمناک وا کەوتە ڕێ.

گوێگرەکان
ڕێبوارەکە گوتی: "ئەرێ کەس لەوێیە؟"
لە دەرگەی بەر تریفەی مانگی دا،
ئەسپەکەش لە ناو ئەو خامۆشییەدا گژوگیاکەی دەمرچاندەوە
کە ناو زەمینی ئەو دارستانەی بە بارێزە داپۆشیبوو،
لەسەر قووللەی خانووەکەشا باڵندەیەک
لەسەر سەری ڕێبوار فڕی
جارێکی تریش دەرگەی ماڵەکەی کوتایەوە،
گوتی: "ئەرێ کەس لەوێیە؟"
بەڵام کەس بۆ کابرای ڕێبوار دانەبەزی،
هیچ سەرێکیش لە پەنجەرەی کەنار گەڵایاوی سەری هەڵنەکێشا و
خۆی دانەنەواندەوە تا سەیری چاوە بۆرەکانی ڕێبوارەکە بکات،
کە کز و مات لەوێ وەستابوو.
کەچی تەنیا کۆمەڵێک گوێگری تارمایی
کە ئەوسا لە ناو ئەو ماڵە چۆڵەدا بوون
لە ناو خامۆشی بەر تریفەی مانگەکە گوێیان دەگرت
لەو دەنگەی کە لە دنیای مرۆڤانەوە دەهات.
قەرەپەستەیان بوو لەسەر پلیکانە تاریکەکانی بەر تیرێژە کزەکانی تریفە
کە بەرەو هۆڵەکە دادەکشا.
گوێیان دەگرت لەو هەوایەی کە جووڵاو و شڵەقاو بوو
بەهاواری ئەم ڕێبوارە تەنیایە.
جا ئەو لە ناخەوە هەستی بە سەیری ئەوان دەکرد،
نەبزووانیان وەڵام بوو بۆ هاواری ئەو،
ئەسپەکەی ئەم دەجووڵاوە، پووش و پەڵاشی ڕزیوی تاریکی دەدوورییەوە،
لە ژێر ئەو ئاسمانە پڕ ئەستێرە گەڵایاوییەدا،
جا ئەو لە ناکاو هێشتا بەتینتر ئەو دەرگەیەی کووتا و

**سەری خۆی هەڵبڕی**
**ئەو گوتی: "پێیان بڵێ کە من هاتم و کەس وەڵامی نەدامەوە و**
**بەڵێنی خۆم هێنایە جێ."**
**گوێگرەکان هەر کەمترین جوولەشیان نەکرد،**
**ئەگەرچی هەر وشەیەک کە ئەو گوتی،**
**لە ناو سێبەری ئەو ماڵە خامۆشەدا دەنگی دەدایەوە،**
**بەرەولای ئەو مرۆڤەی کە بەئاگابوو،**
**ئای، ئەوان کە پێی خستە ناو ئاوزینگان و**
**دەنگی ناڵی ئاسنی سەربەردانیان بیست،**
**بینیشیان چۆن بێدەنگییەکە بەنەرمی بەرەودوا شەپۆلی دەدا،**
**کاتێک سمە رووچووەکانی ئەسپەکە بەرێکەوتن.**

تەنیایی
**هەردەبێت لە ناو ئەو خانووە کۆنەدا تارمایی لەگەڵم هەبن،**
**نیوەشەوەکان قووڵ بکەنەوە وەختێ کاتژمێرەکە لێ دەدات.**
**ئەدی لە کوێ هەڵقوولان – ئەو چرکەساتانەی شادی**
**کە سەیر و خۆش و شوومن و دواتریش نەمان؟**
***
**چوستتر لە مۆسیقای ناو با، دڵ لەوانەیە بینێرێت**
**کورتە نامەیەکی کپ بۆ گوێچکەی ناوەوەم،**
**تەنانەت هێندەش نهێنی بێت وەکو ئەوساکە کە هاتن،**
**بەڵام بیستن ناتوانێت هیچ لەوە روونتر بیگەیەنێت.**
***
**هەستی ناسک و خۆش، کتوپڕ و گورجوگۆڵ**
**بەڵام ئۆهـ، چەندە لەسەر قەراغی ئەو شوێنەن کە بەردەبنەوە سەری**
**ناخم بەبێهوودەیی گوێ لە ترپەی پێیەکان دەگرێت**
**کە لەودیو چەپەرەکەوەن و چەندەی بڵێی هێندە نەرمن .**